بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
133
25 ی ئایار/ مەی 2026



## ئایندەی حکومەتی عەلی زەیدی!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## یەکێتی و سفرکردنەوەی نەوەی نوێ!

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٥

## مەراسیمی ڕێزنان لە ژیان و خەباتی هاوڕێ جەلیل شاباز!

........بۆ لاپەڕە ٦

## ڕیپۆرتاجێك سەبارەت بە چالاكیەكانی حزب لە دەرەوەی كوردستان

ئامادەكردنی: نوری بەشیر..... بۆ لاپەڕە ٩

## سەردانی ترامپ بۆ پەکین!


عوسمانی حاجی مارف.... بۆ لاپەڕە ١٢

## دوو بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان؛

* دەبێ دەستبەجێ شێروان شێروانی ئازاد بکرێت
* ئەشکەنجەدانی دەستگیرکراوەکانی لالەزار سنوری دڕندەیی تێپەڕاندوە!...... لاپەڕەکانی ١٤ و ١٥

## "خۆشگوزەرانی و بیمە کۆمەڵایەتیەکان" لە بەرنامەی حزبەوە.... دوا لاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**



موحسین کەریم

## سەرەتای کۆتایی ملهوڕیی ئەمریکا!

لەدوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە، ئەمریکا وەکو سەرکردەی دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژاوا و بلۆکی ڕۆژاوا کە ئوسترالیا و ژاپۆنیش دەگرێتەخۆی، پێگەیەکی بێ ڕکابەری بەدەستهێنا. باڵادەستی ئابوری ئەمریکا دوای شەڕ و پێویستی ئەوروپاو ژاپۆن بە سەرمایەی ئەمریکی بۆ بیناتنانەوەی ئەوەی شەڕ وێرانی کردبوو، ئەوانی بەتەواوی بەئەمریکاوە گرێدایەوە. ئەو پێگەیەی کە سەرمایەی ئەمریکی بەدەستیهێنا، دەوڵەتی ئەمریکای کردە براگەورەی ئەوروپاو بلۆکی ڕۆژاوا لەڕووی سیاسی و سەربازیەوە. ئەمریکا بۆ دەیان ساڵ وەکو سەرکردەی ڕۆژاوا و پەیماننامەی( ناتۆ) بەرامبەر بە نفوزی سۆڤیەت پێگەی خۆی قایم کرد. دوای روخانی سۆڤیەت و نەمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، ئەمریکا لەرێگای شەڕی کەنداوەوە هەوڵی ئەوەی دا کە وەکو پۆلیسی جیهان بمێنێتەوەو بڕیاری سیاسی- ئابوری و سەربازی دنیا لەدەستی ئەودا بمێنێتەوەو جیهان بەپێی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەی ئیمپریالیستی ئەمریکا بەڕێوەببرێت!

ئەگەرچی لەماوەی ئەم سێ دەیەی دوای روخانی سۆڤیەت و شەڕی یەکەمی کەنداو، ئەمریکا بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵی ڕاگرتنی ئەو پێگەیەی خۆی داوە، لەوپێناوەشدا دەیان پیلانگێڕی سیاسی و دەستتێوەردان و کۆدێتای سیاسی و چەندین جەنگی بەرپاکردوە، بەڵام سەرەنجام نەیتوانی بەر بەو روداوانە بگرێ کە لەدنیای سەرمایەداری دوای روخانی بۆلکی ڕۆژهەڵات روویان

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی....... سەرەتای کۆتایی ملهوڕیی ئەمریکا!

دا، کە سەرەنجام پایەو هەژمونی بێرکابەری ئەمریکای لە ئاستی جیهانیدا بەرەوخوارەوە پاڵپێوەناوە. ئەو جیهانەی کە ئەمریکا دەیویست لەسەر لافاوی خوێن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاولکردنی چەندین وولاتی وەکو عێراق و ئەفغانستان و سورياو ليبيا و يەمەن و سودان و... جڵەوشلکردنی بۆ دەوڵەتێکی فاشیستی ئینسانکوژی وەکو ئیسرائیل بنیاتی بنێت و شەقاوەچێتی ترامپ و نەتەنیاهۆ بکاتە نۆرم و هەموو دەوڵەتانی دیکەی سەرمایەداری دنیا سەری تەسلیمی بۆ دابنەوێنن، وەکو بڵقی سەرئاو تەقی.

ئەگەرچی دواهەمین ملهوڕی و شەقاوەچێتی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا بەسەرۆکایەتی ترامپ، رفاندنی مۆدۆرۆ، سەرۆکی فەنزەویلا بوو کە بەپێی خودی پێودانگە بۆرژایيە نێودەولەتیەکان وولاتێکی خاوەن سەروەری خۆیەتی، بەڵام شەڕەکەی لەگەڵ ئێران بە پشتیوانی ئیسرائیل بەبەکارهێنانی تازەترین و پێشکەوتووترین ئامێرو کەرەستە و تەکنۆلۆجیای جەنگی و هەواڵگری، سەرەتای کۆتاییهاتنی ئەو ملهوڕی و شەقاوەچیتیەی نمایش کرد. ئەمریکاو ئیسرائیل دوای دوو دەورە لە جەنگ و کوشتنی سەرکردە پلە یەکەمەکانی رژێمی ئێران و کاولکردنی توانای سەربازی و ئابوری ئێران نەیانتوانی ئەو ئامانجەی دایاننابوو دژ بە رژێمی ئێران بەدەستی بهێنن، کە ئەویش تەسلیمبوونی ئێران بوو بە هەموو مەرجەکانی ئەوان. ئەم روداوەش راستەوخۆ و بەتەنها ئاکامی توانای خۆڕاگری و توانای سەربازی رژێمی ئێران نەبوو، بەڵکو بەرهەمی ئەو دۆخەیە کە دوو هێزی دیکەی جیهانی کە نوێنەرایەتی دوو جەمسەر و بلۆکی ئیمپریالیستی دەکەن، دەیانەوێ جیهان بەپێی بنەما تازەکانی هاوسەنگی نێوان جەمسەرەکان دوبارە دابەش بکەنەوەو یاسا جیهانیەکانی سەرمایەداری لەژێر ناوی یاسا نێودەوڵەتیەکاندا دووبارە دابرێژنەوە. وەکو لە راگەیاندنی رۆژنامەوانی سەرۆکی چین و سەرۆکی روسیا، کە تەنها چەند رۆژێکی کەم دوای سەردانەکەی ترامپ بۆ چین و کۆبوونەوەی لەگەڵ شین جین فینگ بەڕێوەچوو، ڕایان گەیاند کە ناکرێ دنیای لەژێر سایەی هەژمونی ئەمریکادا بەڕێوەببرێت و دەبێ بەشێوەیەکی عادیلانە دوبارە دابڕێژرێتەوە! لەسەر ئەم بنەمایەوە، ئەوەی کە ئەو توانایەی بە رژێمی ئیسلامی ئێران بەخشی بەرانبەر بە ئەمریکاو ئیسرائیل بوەستێتەوە، پشتیوانی سەخاوەتمەندانەی ناڕاستەوخۆی چین و ڕوسیایە کە هەرجۆرە شکستێکی ئێران یاخود تەسلیمبوونی بە ئەمریکا بە دانی زەبری گەورەی ئابوری- سیاسی ستراتیژی لە هەریەکە لە ڕوسیاو چین تەواو دەبێت و پێگەیان لەئاستی جیهانیدا وەکو دوو جەمسەری ئیمپریالیستی رووبەرووی ناهاوسەنگی دەکاتەوە.

هەڵبەتە مەسەلەکە تەنها بە روبەروبونەوەی سەربازی قەتیس نەمایەوە، بەڵکو داخستنی گەرووی هورمز، کە هەندێ لێکۆڵەرەوەی سیاسی بۆرژایی کاریگەریەکەی هاوشانی چەکی ئەتۆمی بۆ ئێران هەژمار دەکەن، بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوریەی لە ئاستی جیهاندا دروستی کردوە، ئاستی کێشەکەی بەرادەیەکی زۆر گەورەتر لەوەی کە سیاسەتمەدارانی کۆشکی سپی مەزەندەیان کردبوو، بەرینکردەوە، بەجۆریک کە ئابوری جیهانی تووشی گرفتی گەورەو کەمەرشکێن کردەوە و قەیرانی ووزەو گرانی بوە هەڕەشەیەکی جدی لەخودی کۆمەڵگا بۆرژواییەکان لە ئەورو‌پاو ناوخۆی ئەمریکاش، کە تەنانەت بوەهۆی ئەوەی وولاتانی ئەوروپی هاوپەیمانی قەدیمی و ستراتیژی ئەمریکا بیر لە دوورکەوتنەوە لە ئەمریکا بکەنەوە و نارەزایەتیەکانیش دژی جەنگ لەناو ئەمریکادا رۆژدوای رۆژ بەرینتربێتەوە. سەرەنجام ترامپ و حکومەتەکەی ناچاربوون دەرچەیەک بدۆزنەوە تا لەو زەلکاوەی تێیکەوتوون، دەربازیان ببێت، ئەویش بە درێژکردنەوەی ئاگربەست و قایلبوون بە دوو قۆناغی رێکەوتن بۆماوەی دوو مانگ، کە لە ٣٠ رۆژی یەکەمدا لەسەر چوارچێوەیەک رێک بکەون و لە ماوەی ٣٠ رۆژی دووەمدا بە رێکەوتنی کۆتایی بگات بەو مەرجەی ئێران دەستبەرداری بەرنامە ئەتۆمیەکەی بێت و گەرووی هورمز بکاتەوە، لەبەرامبەریشدا ئەمریکا گەمارۆ و سزاکانی سەر ئێران هەڵگرێ و چەند ملیار لەو پارەیەی کە لە بانکەکانی ئەوروپاو ئەمریکادا بلۆک کراون ، ئازاد بکات!

★

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# ئایندەی حکومەتی عەلی زەیدی

عوسمانی حاجی مارف

لێدانی ڕاستەوخۆی سەربازی بۆ سەر خاکی عێراق ئاماژەیە بۆئەوەی کە دەوڵەتانی کەنداو چیتر چاوەڕوانی، وەک بژاردەیەک نابینن، فڕۆکە جەنگیەکانی سعودیە لەم دواییانەدا ئەو ئامانجانەیان بۆردومان کردووە کە پەیوەندیان بەو کوتلە عێراقیانەوەیە کە پاشکۆی تاران، هەروەها دوو مووشەک لە خاکی کوێتەوە بەرەو باشووری عێراق هەڵدراوە.

ڕاستە دەوڵەتی عێراق خاوەنی سوپا و دەزگای هەواڵگری و هێزی ئاسایشی ناوخۆ و هێزی مەشقپێکراوی دژە تیرۆرە، بەڵام دەوڵەتی عێراق یەکدەست نیە لە بڕیاردان، چونکە هاوکاتی پێکهاتنی هێزە سەربازیەکانی دەوڵەت، بەجیا لە میلیشیاکان، چەک لەناو سیستەمی فەرمی "حەشدی شەعبیشدا "دا هەیە و کاری خۆیان دەکەن، هەر ئەم چوارچێوەیە بە میرات بۆ عەلی زەیدی بەجێماوە، جا تا چەند دەتوانێ پرسی "داماڵینی چەک" تێپەڕێنێت؟ پرسیارێکی جددیە! کە پێناچێت وەک دەوری هەمان سەرەک وەزیرەکانی پێش خۆی بتوانێ بەو کارە هەستێت.

ئەوەی لێدانەکانی مانگی نیسان ئاشکرای دەکات، لاوازی تواناکانی عێراق نییە، بەڵکو کەموکوڕیە لە پێکهاتەی شاندی سەروەری دەوڵەت و دەسەڵاتی تایبەتە بۆ بڕیاردان لەسەر بەکارهێنانی هێزی چەکدار لە عێراقەوە، کەلێنی نێوان ئەو دووانە بۆشایی ڕێگەپێدانە، کە ڕێگە دەدات لە خاکی عێراقەوە کردەوەی سەربازی ئەنجام بدرێت، بەبێ ئەوەی بڕیارێکی فەرمی حکومەتی عێراق هەبێت، ئەمەش ئەو بۆشاییەیە کە بەغدا هیچکات نەیتوانی لە ناوەوە بەری پێ بگرێت، بۆیە ڕیاز و کوەیت هەوڵیانداوە لە دەرەوە سنور و پردێکیان بۆ دروست بکەن.

عەلی زەیدی، بنکەیەکی سیاسی تۆکمەی نییە، بۆیە ڕووبەڕووی قەیرانێکی سیاسی و دارایی توند دەبێتەوە، لە ژینگەیەکدا کاری سەرەک وەزیران دەکات، کە ئەکتەرە بەهێزترەکان خەریکن پاڵ بە ئاراستەی جیاوازەوە دەنێن، بۆیە ئەو دۆخە و کێشەکانی نێوان لایەنەکان لە بەرژەوەندی زەیدی نین. سەرووەری لەڕێگەی بانگەشە و ڕاگەیاندنەوە بەرجەستە نابێت، تا بە کاریگەری دەرەوەش، بەتایبەتی بەدوای جەنگی ئەمریکا و ئێران و عێراقێک کە بە فشار و بە وەکالەت بەڕێوەدەچێت بەدەست نایەت، ئەوە دەردەکەوێت کە دەرفەتەکان و سنووردارکردنەکان زۆرئاڵۆزن، بۆیە ناتوانرێت پێشبینی بۆ دەرئەنجامەکان بکرێت، کە ئایا زەیدی تیا سەرکەوتو دەبێت؟ هیچ حکومەتێکی نوێ لە چاچێوەی پێکهاتەی ئێستای عێراقدا و بەبێ ڕێباز و هێزێکی جیاوازی ئاوێزان بە خەڵکەوە هیچ گرنگیەکی نابێت بۆ دانیشتوانی عێراق.

یەکەم تاقیکردنەوە کە لە بەردەم عەلی زەیدیدایە و ڕووبەڕوی بۆتەوە، کێ بەڕاستی دەسەڵاتی وڵاتەکەی بەدەستەوەیە؟، ئایا عێراق خاوەنی ئازادی بڕیاری خۆیەتی، یان ئێران و ئەمریکا قسەی کۆتایی دەکەن؟! حکومەتی عەلی زەیدی لە یەکەم تاقیکردنەوەیدا ناجێگیر خۆی نیشاندا، کاتێک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە خاکی عێراقەوە بەرەو سعودیە هەڵدرا، ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە تا چەند سوپای پاسدارانی ئێران لە ڕێگەی هێزەکانی حەشدی شەعبیەوە بڕیارەکانی عێراق کۆنترۆڵ دەکات. بە کردەوە دەرکەوت کە هیچ گۆڕانکاریەکی ڕاستەقینە لە پێکهاتەی حکومەتی عێراق بۆ سەقامگیری نەک ڕووی نەداوە، بەڵکو دۆخەکە بەرەو نەرێنی تر دەبات، هەر بەو مانایە عەلی زەیدی ناتوانێت جیاوازی لەگەڵ حکومەتەکانی پێش خۆی دروست بکات.

عێراق لە ٢٠٠٣وە، بەدەست قەیرانێکی سیستماتیکیەوە دەناڵێنێت، کە مەترسی لەسەر پرۆسەی دارشتنەوەی وڵات هەمیشە هەیە، بەهۆی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کە لەسەر بنەمای هێزی میلیشیای تائیفی و ئیسلامی و نەتەوەپەرستی دامەزراوە، کە لە بیست و سێ ساڵی ڕابردوودا، بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لەو سیستەمەی کە لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوە و جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بەردەوام عێراق بەرەو دۆخێکی نالەبارتر دەبات.

ئاشکرایە کە لە عێراق هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەک نیە، بۆ نمونە محەممەد سودانی، باسی لەو دەستکەوتانەی کردووە کە حکومەتەکەی لە ماوەی چوار ساڵی سەرۆکایەتیدا بەدەستی هێناوە، کێ دەتوانێت لێپرسینەوە بکات و ئەو ڕاستیە ئاشکرا بکات کە ئەم دەستکەوتانە بونیان نییە، ئەو جۆرە لێپرسینەوەیە لە فەرهەنگی سیاسی عێراقدا مانادار نیە، هەروەک چۆن ئازادی و مافی مرۆڤ لە ڕژێمی سەدامدا لە خەو خەیاڵیشدا نەدەبو بیری لێبکرێتەوە. بۆیە قسەکانی زەیدی هیچ مانایەکی نابێت کە باسی بارگرانی دارایی قورس و گەندەڵی بەربڵاو و دابەزینی

بەرچاوی خزمەتگوزارییەکان و فراوانبوونی نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەکرد. چوارچێوەی هەماهەنگی کە گەورەترین بلۆکی پەرلەمانی عێراق پێکدەهێنێت، ئەگەر دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئێران لەڕێگەی فەرماندەی سوپای قودس نەبوایە، هێندە کێشەی نێوان خۆیان سایەی کردووە، توانایان نەدەبو لە نێوان سەرکردەکانیدا بگەنە ڕێکەوتن و عەلی زەیدی بۆ سەرۆک وەزیران کاندید بکەن. جگە لەوەش چوارچێوەی هەماهەنگی نەیانتوانی ئەو ڤیتۆیە تێپەڕێنێت کە لەلایەن ترەمپەوە بەسەر نوری مالیکیدا سەپێندرا.

عێراق بەکردەوە لە هەموو ئاستەکاندا بەدەست گەندەڵی فراوان و بنبەستی سیاسییەوە دەناڵێنێت، کاریگەری ئەم بنبەستە لەسەر لایەنەکانی ناسۆنالیزمی کورد و سوننە و شیعە لە پێکهێنانی حکومەتەکاندا بەڕۆشنی دەردەکەوێت.

دواجار زۆر شت بەندە بەوەوە کە ململانێی ئێستای ئێران لە لایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەکی دیکە چۆن کۆتایی دێت. ئەمەش لەبەرئەوەی ئایندەی سیستمی ئێستای عێراق پەیوەستە بە ئایندەی ڕژێمی ئێران و توانای خستنەگەڕی نفوزی لە بەغداوە، ئەوە تارانە کە دەتوانێت تەمەنی ئەم ڕژێمەی ئێستای عێراق درێژ کاتەوە، بەڵام ئەمە ناتوانێت تا کاتێکی نادیار بەردەوام بێت، تەنها لەبەر ئەوەی هەر ناوچەیەک و هەموو پێکهاتەیەکی کۆمەڵگای عێراق بەدەست کێشە تایبەتەکانی خۆیەوە دەناڵێنێت. ئەم کێشانە ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگادا خراپتر دەبن، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی نەبوونی پرۆژەیەکی سیاسی ڕوون کە بالادەست بێت لە پێکهێنانی حکومەتێک لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون و کۆتایی بە دەسەڵاتی میلیشیای تائیفی و ئیسلامی و نەتەوەپەرستی بهێنێت.

ئێستا لای حکومەتەکەی عەلی زەیدی، چەکداماڵینی گرووپە چەکدارەکان بڕیاردەیەکی ڕووبەڕووبونەوەیە، بەوپێیەی ئەم کوتلانە نوێنەرایەتی قوڵاییەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەکەن بۆ بەشێک لەو هێزانەی لە چوارچێوەی هەماهەنگیدان کە عەلی زەیدیان قەبوڵ کردووە. بەڵام بڕیاری داماڵینی چەک بە مانای پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەم هێزانە دێت، پێموایە کە زەیدی ناتوانێت ئەو ڕووبەڕووبونەوەیە بکات.

سەبارەت بە ئیدارەی ترەمپیش، ئەوەی لە زەیدی دەوێت داماڵینی چەکە لە گرووپە چەکدارەکان و دورخستنەوەی حکومەت لە میحوەری ئێران لەڕووی سیاسی و ئابورییەوە بۆئەوەی نەخشەی نفوز لە عێراق بکێشێتەوە، چەکداماڵینی گرووپە چەکدارەکان مەرجێکی قورسە بۆ جێبەجێکردنی ئەمریکا، بەوپێیەی نوێنەرایەتی پرسێکی سیاسی ئاڵۆز دەکات. پێدەچێت ڕۆژانی داهاتووی حکومەتەکەی زەیدی گۆڕانکاری سیاسی بەخۆیەوە ببینێت، بەتایبەتی لەگەڵ پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان بلۆکە سیاسییەکان و ئەگەری ڕژانی ئەو ناکۆکییانە بۆ سەر شەقامەکان و نارەزایەتی جەماوەری، هەروەها هێز و لایەن هەن نایانەوێت حکومەتێک لە ژێر چاودێری ئەمریکادا سەرکەوتوو بێت، ململانێکان توندتر دەبنەوە.

ئەوە ئاشکرایە کە حکومەتەکەی زەیدی بە بڕیارێکی ئەمریکی پێکهێنرا، بەڵام لە دنیای واقعدا هێشتا ئێران کۆنترۆڵکردنی عێراقی لەدەست نەداوە، هەرچەندە تۆم باراک وارادەگەیەنێت کە مەلەفی عێراقی باش بەڕێوە بردووە و لە میحوەرەکەی ئێران دووری خستۆتەوە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە دەوری ئێران لەسەر عێراق تا ئێستا وەک خۆی ماوە.

حکومەتی زەیدی لەکاتێکدایە کە عێراق ڕووبەڕووی ئاستەنگیەکان بۆتەوە، لەوانە بێکاری، تێکچوونی ژێرخانی ئابووری، هەژاری و قەیرانی کارەبا و ئاو، تەندروستی و پەروەردە، ئەمە جگە لە گرژیە سیاسی و ئەمنیە بەردەوامەکان کە بەردەوامن لە سایەکردن بەسەر دیمەنی ناوخۆدا.

هەروەها لەباری سیاسیەوە زەیدی بەرەوڕووی تەحەدای پاراستنی هاوسەنگیە لە نێوان هێزە سیاسیە جیاوازەکانی ناو پەرلەماندا، بەتایبەتی کە حکومەتەکەی لە ئەنجامی ڕێکەوتنی ئاڵۆزی نێوان چەند بلۆکی ڕکابەردا پێکهێنراوە کە هێشتا پێکهێنانی حکومەتەکەی ماویەتی. سەرکەوتنی حکومەت نەک هەر بەندە بە ئەدای جێبەجێکردنی، بەڵکو بەندە بە توانای بەڕێوەبردنی ناکۆکیە سیاسیەکان و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنیان بۆ قەیرانەکان کە دامەزراوەکانی ئیفلیج دەکات. جگە لەوەش پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پرسی نەوت و بودجە وەک بابەتێکی هەستیار ماوەتەوە کە لە ماوەی داهاتوودا کاریگەری لەسەر سەقامگیری حکومەت دەبێت.

گرنگترین دەنگێک کە لەسەر شەقامی عێراقە: ئایا حکومەتەکەی عەلی زەیدی دەتوانێت ئەو خواستانە بەدەستبهێنێت کە حکومەتەکانی پێشوو نەیانتوانیوە بیکەن، یان جارێکی دیکە لەبەرامبەر خواستەکانی خەڵکدا دەوەستنەوە؟، کە گومانی تیا نیە خواستەکانی خەڵک لە چنگی زەیدیش نایەتە دەرەوە.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# یەکێتی و سفرکردنەوەی نەوەی نوێ...

عەبدوڵا مەحمود

جولانەوەی نەوەی نوێ لە ساڵی ٢٠١٧ دامەزرا. دروستبوونی ئەو جولانەوەیە لەسەر هەردوو پایەی جولانەوەی" نەخێر لە ئێستادا" بەدژی بەرپاکردنی ریفراندۆم و شکستی گەورەی بزوتنەوەی گۆران لە گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا پێکهات.

ئەم بزوتنەوەیە بەشداری چەند خولێکی هەڵبژاردنەکانی!! هەرێم و عێراقی کرد و توانی بەشێک لە جەماوەری تۆراوی بزوتنەوەی گۆران و جەماوەرێکی ناڕازی لەدەسەڵات لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە و چەند کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت.

لە سەرەتاوە نەوەی نوێ بە نەعرەتەی بوێرییەوە خۆی ناساند وبانگەشەی ئەوەی دەکرد کە سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەتایبەتی کورانی تاڵەبانی لە "سێدارە" دەدات. بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بەشداری دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی ناکات، بەڵکو لوتکەی دەسەڵات دەگرێت و ژێر خانێکی ئابوری بەهێز و کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران دادەمەزرێنێت!!.

ئێستا دوای نۆ ساڵ نەوەی نوێ نە نەعرەتەی بوێری و بانگەشەی لە سێدارەدانی کورانی تاڵەبانی و نە بانگەوازی گرتنی لوتکەی دەسەڵاتی ماوە، بەڵکو لە جێگای ئەوە دەستی لەناو دەستی یەکێتی نیشتیمانی و کورانی تاڵەبانیدایە.

یەکێتی نیشتیمانی لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا توانی جولانەوەی نەوەی نوێ کە لەسەر خاشاک پایەکانی خۆی داکوتا بوو، نابوت بکات. نەوەی نوێ بەجیا لە بانگەشەکانی سەبارەت بە پیکهاتن و خستنەرووی ئامانجە بریقەدارەکانی، لە بنەرەتدا لەناو دۆخی گەندەڵستانی دەسەڵات و بەدیاریکراوی زۆنی سەوزدا پیکهات. سەرۆکی ئەو جولانەوەیە بەوێنەی سەرمایەدار و کۆمپانیایەکی بازرگانی ویستی کەلک لە دۆخی نالەباری سیاسی، ململانێی نیوان پارتی و یەکێتی، شکستی بزوتنەوەی گۆران و نارەزایەتی جەماوەری وەربگرێت، تا لەو ریگایەوە لە کۆمپانیا و براندێکی بازرگانییەوە خۆی بکاتە رەوتێکی سیاسی.

سەرۆکی بێرکەبەری جولانەوەی نەوەی نوێ لەناو رەوتەکەیدا، ویستی لەرێگای ئەم دوکانە سیاسییەوە کە پشتی بە میدیایەکی ئاوس بەدزی و تالانییەوە بەستووە، لە رێگای سیاسی و بەشداری لە ململانێی سیاسییدا ئەو براند و بازرگانییە گەورەتر بکات و سەرمایەکەشی قەبەتر.

لەماوەی ٩ ساڵدا، نەوەی نوێ و سەرۆکی جولانەوەکە بە لێدوانی زۆر توند دژی دەسەڵات و بەتایبەتیش لە دژی یەکێتی پرسیار گەلێکی زۆری لەسەر خۆی دروست کردبوو. لەچەشنی ئەوەی کێ لەپشت نەوەی نوێی یە؟ چۆن نەوەی نوێ ئاوا هیرش دەکاتە سەر یەکێتی؟ نەوەی نوێ پشتی بەچ هێزێک بەستووە؟ یەکێتی چۆن رێگەدەدات نەوەی نوێ ئاوا هیرش بکاتە سەری و؟...تاد.

یەکێتی نیشتیمانی لەکاتێکدا ناوخۆی تەلاری رێکخراوەیی لەرێگای زۆر و ترساندن و دۆسیە بۆ دروستکردن و تەسفیەی سیاسییەوە تا رادەیەکی زۆر یەک دەستکرد و هەژموونی کورانی تاڵەبانی یەکێتیان جڵەو کرد، هاوکات دەستی دایە هیرش بۆسەر کەشی نیمچەکراوەی زۆنی سەوز و ئەو پەراوێزانەی ئازادی کە دەرهاویشتەی جولانەوە نارەزایەتییە جەماوەریەکان بوون. لەوەش زیاتر لە رێگای چەک و بەزۆری چەک دۆسیەی "بەرەی گەل" و لاهور شیخ جەنگی، کەنار خست.

کورانی تاڵەبانی دوای جڵەوکردنی تەواوەتی یەکێتی نیشتیمانی و کۆتاییهێنان بە دۆسیەی لاهور شیخ جەنگی، بۆ ململانێی خۆیان لەگەڵ پارتی بەوێنەی نەیاری سەرەکیان لە هەرێمدا، پێویستیان بە بالادەستی زۆرتر لە زۆنی سەوزدا هەبوو تا دەسەڵاتی خۆیان بەتەواوەتی قوتبی بکەنەوە. لەوچوارچێوەیەدا دۆسیەی نەوەی نوێ و سەرۆکی جولانەوەکە پەروەندەیەک بوو، پەروەندەیەک کە لەهەموو هەڵبژاردنێکدا مایەی هەراسانی بۆ یەکێتی و بەپلەی یەکەمیش لە جەماوەری زۆنی سەوزی بۆخۆی کێش دەکرد. یەکێتی سەرەتا لە رێگای دادگاوە بەشێکی زۆر لە سامان و موڵکی سەرۆکی جولانەوەکەی دەست بەسەردا گرت، و پاشان بەهۆی ئەو هەموو دۆسییە یاساییانەی لەسەر شاسوار عەبدولواحید هەبوون و یەکێتیش بۆی پاشەکەوت کردبوو، توانی شاسوار عەبدولواحید بخاتە زیندان، بەو هەنگاوەش یەکێتی لەلایەکەوە توانی گورزێکی گەورە لە گەرمەی هەڵبژاردنەکاندا لە نەوەی نوێ بدات و لەلایەکی تریشەوە دۆسیەکەی لە ململانێیەکی سیاسییەوە گۆری بە دۆسیەیەکی یاسایی. نەوەی نوێ کە سەرۆکەکەی دەیان دۆسیەی یاسایی لە دادگاکاندا لەسەر هەبوو، بۆ یەکێتی دۆسیەو پارویەکی ئاسان و سادە بوو تا هەر کاتێک بیەوێت کاری خۆی لەگەڵ یەکلابکاتەوە و نەوەی نوێ سفر بکاتەوە یان بیخاتە بازنەی سیاسەت و نەخشەکانی خۆیەوە.

دوای دەستگیر کردن و ئازاد کردنی شاسوار عەبدولواحید، نەوەی نوێ لاپەڕەیەکی نوێی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کردەوە و بووە ماستی مەیوو، نەک هەر هەرەشەکان و بانگەشەکان بۆسەر یەکێتی و کورانی تاڵەبانی کۆتایی هات، بەڵکو دەرگای لێک نزیکبوونەوە و گفتوگۆ و سازان جێگای گرتەوە و ئەمجارە بڕیارە نەوەی نوێ لەگەڵ یەکێتی، وەکو بلۆکێک لەدژی پارتی خۆیان نیشان بدەن، لەوەش زیاتر باسی گۆڕینی بالانسی هێز و شێوازی حکومڕانی لە هەرێمدا دەکەن.

کۆنترۆڵکردنی نەوەی نوێ لەلایەن یەکێتی و سفرکردنەوەی بانگەشەکانی، لەلایەکەوە کۆتایی بە رۆڵی پێشووی نەوەی نوێ و هێنا و رەوتی داکوژانی ئەم باڵە و ئەم جۆرە لە ئۆپۆزیسیۆنەی دەستپێکرد، لەلایەکی تریشەوە نەوەی نوێی کردە زەخیرەی و کارتی ململانێکانی خۆی لەگەڵ پارتی.

ئێستا نەوەی نوێ نەک بەشداری دەسەلات لە هەرێم، بەڵکو بەدەستی دوو لە بەغدا بەوەزارەتێک بەشداری حکومەتی عێراق! دەکات و سوپاسگوزاری یەکێتیشە بۆ ئەو بەخشندەیەی لە بەرامبەریدا نیشانیدا و وەزارەتێکی پێبەخشی.

یەکێتی دەیەوێت لە ململانێی خۆی لەگەڵ پارتی و بەدیاریکراوی لە ئێستادا کە پرسی لەکارکەوتنی حکومەتی دیکۆر و پەرلەمانێکی مردوو لە ئارادایە کەڵک لە پێگەی نەوەی نوێ و کورسیەکانی وەربگرێت، نەوەی نوێش ناچارە مل بدات و سەری رەزامەندی بۆ یەکێتی دابنەوێنێت تا لانی کەم بواری هەڵسورانی هێنانەی لەچوارچێوەی دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتییدا، بۆ بمێنێتەوە و سەرۆکی جوڵانەوەکەش دۆسیەکانی سەری بەداخراوی بمێنێتەوە. دیارە هەرکاتێک نەوەی نوێ بکەوێتەوە ململانێ و دژایەتی هەراسانکەری یەکێتی، دۆسیە پاشەکەوتکراوەکانی سەرۆکی جوڵانەوەکە ئامادەن و دادوەر و دادگا!! و دەرگای زیندانیش لە خزمەتدان.

★

# مەراسیمی ڕێزنان لە ژیان و خەباتی هاوڕێ جەلیل شاباز!



رۆژی یەکشەممە ڕیکەوتی ٢٤ی ئایار لە هۆڵی.... لە سلێمانی کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان مەراسیمێکی رێزلێنانی بۆ ژیان وخەباتی هاوڕێ جەلیل شاباز( ناسراو بە جەلیل عبدال) بەڕێوەبرد و ژمارەیەک لە ئەندامانی حزب و هاوڕێیانی هاوڕێ جەلیل بەشدارییان تێدا کرد.

هاوڕێ جەلیل، سیمایەکی ناسراوی کۆمۆنیست و هەڵسوراوێکی بەرجەستەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و ڕوخسارێکی خۆشەویستی جەماوەری بوو. بەداخەوە بەرواری ٤ ی ئایاری ٢٠٢٦ بەهۆی جەڵدەی دڵەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر گیانی لەدەستدا.

هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب ووتەیەکی پێشکەش کرد و ژمارەیەک لە هاورێیانی هاوڕێ جەلیل سەبارەت بە یادەوەری خۆیان لەگەڵ هاوڕێ جەلیل و ڕێرەو و مێژووی خەباتی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێرانەی ووتەیان پێشکەش کرد.

فەرموون لەگەڵ دەقی ووتەی هاوڕێ عوسمانی حزجی مارف:

**ئامادەبووانی بەڕێز**

بەخێرهاتنتان دەکەم و هاوکات سوپاستان دەکەم بۆ ئامادەبوون لە مەراسیمی ڕێزنان لە ژیان و خەباتی هاوڕێ جەلیل شاباز ناسراو بە جەلیل عەبدال.

بێگومان ژیانئاوایی لە ناکاوی هاوڕێ جەلیل عەبدال شەهباز چەندە ناخ هەژێن و خەمێکی سەختە بۆمان، لە هەمانکاتدا بۆشاییەکی لە بەردەم هەڵسورانی سیاسی و فکری حزبمان دروستکرد، هەروەها مایەی کەلێنێکە بۆ هەڵسورانی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ناوچەی بادینانا.

هاوڕێ جەلیل کەسایەتیەکی ڕابەرو ناسراوی کۆمۆنستی ناوچەی بادینانە، کە لە ماوەی چلوپێنچ ساڵ زیاتر دەوری دیوە لە ڕیزەکانی ڕێکخراوی کۆمۆنستی و خەباتی کۆمۆنستیدا و جەختکردنی لەسەر حزب و حزبیەتی کۆمۆنستی لە ڕابەریکردنی شۆڕشی کرێکاریدا، بەو مانایەی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری

وەها ناسیوە کە ئامرزای دەستی خەباتی چینی کرێکارە بۆ شۆڕشی سۆشیالستی.

دوای هەرەس هێنانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ساڵی ١٩٧٥ دا لە ڕێگەی کەسوکاریەوە چووە سوریا و پەیوەندی کرد بە یەکەم دەستەی هێزی چەکداری یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، بە سەرکردایەتی برایم عەزۆ، هەروەها لە سوریا چووە ناو دەورەی دراسەی ئەلقە مارکسیەکانەوە.

لە مانگی شەشی ١٩٧٦دا ئەو دەستە چەکدارە هاتنە ناوچەی بادینانی کوردستانی عێراق، دواتر برایم عەزۆ هاوڕێ جەلیلی ڕاسپارد، کە نامەیەکی جەلال تاڵەبانی بگەیەنێت بە شاسوار جەلال ناسراو بە(ئارام) لەڕێگەی شازاد صائبەوە. لە گەڕانەوەیدا لە سلێمانیەوە بۆ دهۆک و لە هەوڵی پەیوەندکردنەوەی بە برایم عەزۆوە ماوەیەکی خایاند، پێش هەوڵدانی پەیوەند کردنەوەی بەدەستەکەوە، برایم عەزۆ تیرۆرکرا، هەروەها هاوڕێ جەلیلیش لەو ماوانەدا دوو جار دەسگیرکرا، کە توانی بەرەنگاری بکات و بە سەلامەت دەرچێت.

پاشان هەوڵیدا خوێندی ئامادەیی تەواو کات و دواتر درێژە بە خوێندن بدات لە دانشگای موسڵ، کە لە بەشی کارگێری و ئابوری لە ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨٤ بەشی ئابوری تەواو کرد.

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەوە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی یەکێتی تێکۆشانی کارگەران، دەبێتە ئەندامێکی چالاک، لە ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ بەرپرسی بادینانی ڕێکخراوی کارگەران دێتە سلێمانی پەیوەندی بە عوسمانی حاجی مارفەوە دەکات، بۆ قسەو باس لەسەر کاروباری ڕێکخراوی کارگەران و چۆنیەتی ڕێکخستن لە ناوچەی بادینان و دانشگای موسڵ.

پاش ئەوەی بەرپرسی ڕێکخراوی بادینانی کارگەران لە ساڵی ١٩٨٢ئەمری گرتنی دەردەچێت، دهۆک بە جێدەهێڵێت و پەیوەندی بە هاوڕێیانی دەرەوە دەکات لە ناوزەنگ.

هاوکات هاوڕێ جەلیل تەواوی پەیوەندیە پەیوەندیە ڕێکخراوەییەکانی کارگەران وەردەگرێت و سەرکەوتوانە بەڕێوەیان دەبات.

هاوڕێ جەلیل وەک کادرێکی پێشکەوتوی ڕێکخراوی کارگەران، توانی ڕۆڵێکی پێشڕەوانە، لە ناو دانشگای موسڵ و ناوچەی بادیناندا ببینێت، کەسانێکی زۆری لە ئەندام و دۆست بەدەوری خۆیدا ڕێکخست، جگە لە بەڕێوەبردنی هەڵسورانی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە دانشگای موسڵ و ناوچەی بادینان، لە هەمانکاتدا پەیوەندی و هاوڕێیەتی فراوانی لە گەڵ کەسانی مارکسی غەیری ڕێکخراوی کارگەراندا هەبو.

بەدوای ساڵی ١٩٨٥ و هەڵوەشاندنی ڕێکخراوی کارگەران، دواتر لە دامەزراندنی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنستەوە، بەهەمان شێوە لە ڕیزەکانی ڕەوتی کۆمۆنستدا درێژەی بەکاروباری ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی لە ناوچەی بادیناندا دا، هەروەها لە ڕێگەی دانشگاوە تۆڕێکی بۆ ڕەوت لە بەغدا دروست کرد.



ئەوەی شایان باسە لە ساڵانی ١٩٨٨دا کارێکی لەگەڵ کۆمپانیایەک لە باشوری عێراق پەیداکرد، لە هاوینێکی گەرمدا وەک ئەرکێکی ڕێکخراوەیی بۆ پەیداکردنی سەرچاوەیەکی دارایی ئەو کارەی ئەنجامدا، لە ئەنجامدا دەستکەوتێکی باشی دارایی بۆ ڕەوتی کۆمۆنست بەدەست هێنا، لەو کارەیدا توانی زیاد لە بیست هەزار دیناری سویسری بەدەست بهێنێت، ئەتوانم بڵێم ئەو بڕە پارەیە ئاسۆی کاری سیاسی ڕەوتی کۆمنستی بەرزکردەوە، ڕەوتی خستە ئاستێکی تر لە خەباتی سیاسیدا، کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی دڵسۆزی و بەرجەستەیی هاوڕێ جەلیل، چونکە توانیمان ئەو چاپخانە نهێنیەی پێشتر بومان، چاکی بکەین و گەشەی پێبدەین، کتێب و نوسراوەکانی ڕەوت چاپ بکەین و بڵاوی کەینەوە، ئەو چاپخانەیە و بڵابونەوەی نوسراوەکان بە شێوەیەکی فراوان لە نێو بزوتنەوەی کۆمۆنستی ئەو کاتەدا، سەرەوسەدایەکی تایبەتی دا بە ڕەوتی کۆمۆنست.

بەهەمان شێوە هاوڕێ جەلیل لە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراقدا لە ساڵی ١٩٩٣وە، وەک کادرێکی پێشڕەوی حزب لە ناوچەی بادینان ڕۆڵی پێشڕەوانەی دی، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستدا،هاوڕێ جەلیل و هاوڕێ نەزیر عومەر دوو هەڵسوڕاوی پێشڕەوی حزب بون، بەڵام بەداخەوە کە ڕفاندنی هاوڕێ نەزیر عومەر و دواتر تیرۆرکردنی، مەحدودیەتی بۆ هەڵسورانی حزب پێکهێنا.

لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستدا هاوڕێ جەلیل سەفەریکرد بۆ ئەڵمانیاو لە شاری بەرلین جێنشین بو، لە بەرلینیش وەک کادرێکی پێشڕەوی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب کاروبارەکانی ئەنجام ئەدا.

لە دوای ژیانئاوای هاوڕێ مەنسور حکمت، ئختلافاتێک لەڕیزەکانی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری ئێران پێکهات و ئاکامەکەی لە ساڵی ٢٠٠٤دا جیابونەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی لێکەوتەوە، ئەم جیابونەوەیە کاریگەری لەسەر حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراقیش دانا، دواتر هاوڕێیانێک لە حزبی عێراق جیابونەوە و حزبی کۆمۆنستی کرێکاری

چەپی عێراقیان دامەزراند، هاوڕێ جەلیل لەو ئیختلافاتانەدا ڕیزی خەباتی سیاسی گواستەوە بۆ ناو حکک چەپی عێراق، لەو حزبەدا وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەردەوامی بە کاری سیاسی خۆیدا، ئەوەی جێگای تەقدیرە لەگەڵ ئەو جیابونەوەیشدا هاوڕێ جەلیل نەک پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ هیچ کەسێک لە حزبی ئێمە دانەبڕی، بەڵکو بەردەوام فرسەتی دروست دەکرد بۆ قسەو باس لەسەر ئختلافاتەکان و باسی سیاسی، هەروەها بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو حزب.

بە جیا لەوەی لە لندن و بەرلین یەکتریمان بینی، هەمو گەڕانەوەیەکی بۆ کوردستان بۆ چەندین جار دەهات بۆ لام بۆ سلێمانی و هەر دانیشتنێک تا شەوانی درەنگ قسەو باسمان دەکرد.

لەم دواییانەدا لەدوای ساڵی ٢٠٢٠وە هاتنەکانی بۆ سلێمانی فرسەتی زیاتری دروستدەکرد بۆ قسەو باس بە تایبەتی بەدوای ٢٠٢٢ وە بە تایبەتی کە بڕیاریدا بە یەکجاری لە دهۆک جێنیشین بێت، بەشێوەیەک باسەکانی دەکرد کە دەورو کاریگەریمان لەسەر ناوچەی بادینان بەگشتی و دهۆک بە تایبەتی چۆن بێت، لەم بارەیەوە ئاراستەی کارەکانی لەسەر ئەو ئەڵقە مارکسی و ڕۆشنفکرانەی لەم دواییانەدا سەریان هەڵداوە، کە لە دهۆکدا وەک گروپ پێکەوە دراسە دەکەن، هاوڕێ جەلیل پەیوەست بووە پێیانەوەو بەشدار بووە لە ڕۆشنکردنەوەی باسەکانیاندا، لە هەمانکاتدا بینینی ئەو کەسانەش کە هەریەک بە جۆرێک ناڕازین لەدەوری پارتی لە زۆنی زەردا.

بەگشتی دەربارەی دەوروومان لە بادینان بەردەوام لە هەوڵدا بوین کە چۆن ڕیزی ئەڵقەکان و نارەزایەتیەکان ڕێک بخەین و کۆمۆنزمی کرێکاری لەو ناوچەیە پێگەیەکی بەهێز پەیدا بکات.

ئەوەی ڕاستی بێت بەدوای ٢٠٢٤وە هاوڕێ جەلیل باسی ئەوەی دەکرد لەگەڵ ئەو ئەڵقانەدا لەگەڵ هەر دراسەیەکدا دەیکەن بۆ خۆی تەئکیدی لەسەر ئەوە بووە لە گەڵیاندا، کە گرنگی بونی حزب بۆ شۆڕشی سۆشیالستی جێگاو ڕێگا و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لەم پرۆسەیەدا مەبەستی کارکردنی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستانە، کە چۆن دەور ببینین لە چونیەتی ڕێکخستن لە دهۆک و ناوچەی بادیناندا، چۆنیەتی سەرپەرشتی کارەکانمان، کەلەم بارەیەوە لە دانیشتنی تایبەتدا قسەمان لەسەر ئەو نەخشانە بوو کە پێویستە ئەنجامی بدەین.

بەڵام بەداخەوە کە ژیانئاوای هاوڕێ جەلیل لە ٤/٥/٢٠٢٦ بۆ دواجار بەجێی هێشتین و کەلێنیکی بۆ ئەو کارانەمان دروست کرد، بەڵام خۆشبەختانە کە ڕایەڵەیەکی بۆ ناسین و پەیوەندی بۆ دروستکردین، کە هەوڵبدەین ئەو کەلێنە تێپەڕێنین.

لە کۆتایدا ئەتوانم بڵێم کە هەوڵئەدەین درێژەدان بە دەوری خەباتی دژی سەرمایەداری و خەبات و ریکخستنی کۆمۆنستی هاوڕێ جەلیل ئەرکی ئێمەیە و پێویستە بۆشاییەکەی پڕ بکرێتەوە.

هاوکاتیش سەرەخۆشی لە هاوژینی هاوڕێ جەلیل، بیرڤان و کورەکانی نیبار و دلوار و نژیار و خوشک و برا و کەسوکار و هاورێکانی دەکەم

**بەرز و بەڕێز بێت یادی هاوڕێ جەلیل**

# خەسرەو سایە دەربارەی هۆکاری ئاگربەستی ئەمریکا لەگەڵ ئێران!

.....ئەمریکاو ئیسرائیل سەرەرای زەربەیەک کە لەتوانا سەربازیەکانی ئێرانیان داو توانیان ژمارەیەک لەسەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی بکوژن وکاولکاریەک ئەنجامبدەن، بەلام ئەگەر ئەو خالانەی کە ترەمپ و ناتانیاهۆ وەک ئامانج لەشەرەکە رایان گەیاندووە، بکەین بەپێوانە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئەمریکاو ئیسرائیل لەم شەرەدا سەرکەوتوو نەبون و لەگەڵ شکست بەرەورووبوونەتەوە. ئەوەی کە بڕیابوو بۆردومانەکان لەچەند ڕۆژێکی کەمدا "گۆرانکاری لەرژێمی ئێران"، وتەسلیمبوون بەخواستەکانی ئەمریکا ئیسرائیل بەدیبهێنێ، ئەوەی کە چەکی ئەتۆمی و مووشەکی بالیستی لەناوببرێت، ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەست لەهاوکاری گروپەکانی مقاوەمەت ودەخاڵەتگەری لەناوچەکەدا بکێشێتەوە، هیچیان نەک هەر بەدی نەهاتوون، بەڵکو جەنگ لەدرێژەی ٤٠ ڕۆژەی خۆیدا، لەسەرکار مانەوەی کۆماری ئیسلامی و توانا سەربازیەکانی لەهێرشەبردنە سەر ئیسرائیلدا نەمایەوەو تەقریبەن بۆ ئاستی سەرجەم ناوەند و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەرینتر بۆیەوەو زیانێکی زۆریشی پێگەیاندن. لەمانەش زیاتر بەداخستنی گەروی هورمز ئابووری جیهانی و بازاڕی بۆرسەی ڕووبەڕووی کێشەی جددی کردەوە، ئەمە وێرای هەڵکشانی مەسروفاتی ڕۆژانەی جەنگ وناکۆکی و نارەزایەتیە ناوخۆییەکان لەحکومەتەکەی ترەمپ، لەئاستی کۆمەڵگای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا.. بەگشتی ئەمریکاو جەنگەکەی خستنە حاڵەتێکی بنبەست و چەقبەستوویی واوە کە ناچاربێت بەبڕیاردان لەئاگربەست وراگرتنی جەنگەکە، هەرچەندە کاتیش بێت. ئەمانە ئیتر شکستێکی گەورەی ئەمریکا لەم جەنگەدا دەسەلمێنێ وهەموو ئەو پروپاگەندانە بەدرۆدەخاتەوە سەبارەت بە"عەزەمەتی سەربازی وجەنگی ئەمریکا" وملهوری و دەسەلاتخوازیەک کەبانگەشەی بۆدەکات. بێگومان ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە ئێران زەربەی نەخواردبێت و بێ زیان لەشەڕەکە دەرچووبێت!...

# ریپۆرتاجێك سەبارەت بە چالاکیەکانی حزب لە دەرەوەی کوردستان

## ئامادەکردنی: نوری بەشیر

### چالاکی سیاسی و مەیدانی:

**لە ژێر دروشمی کار بۆ هەموان خۆپیشاندانێک لە دژی بێکاری لەبەردەم پەرلەمانی سوید**

رۆژی ٢٢/٥/٢٠٢٦ کۆمیتەی سویدی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی لە دژی بێکاری لە سوید، کە رێکخراوی هوسبی سۆشیال سەنتەر بانگەوازی کردبوو و ژمارەیەک رێکخراویش بەشداربوون،لە شاری ستۆکهۆڵم، بەشداری کرد، کە پێشتر لە ٢٠ مارس خۆپیشاندانی تر لەهەمان شوێن ئەنجامدرا و بەشداری کرا.

لە خۆپیشاندانەکەدا چەندین دروشم و وتار لە دژی بێکاری و لە دژی سیستەمی سەرمایەداری خوێندرایەوە، وە لەو درووشمانەی کە ئێمە بەرزمان کردبۆوە ( خەبات لە دژی بێکاری خەباتە لە دژی سەرمایەداری) وە (جەنگ و میلیتاریزم بێکاری زیاد دەکات).

شایەنی باسە کە کاریگەریەکانی جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی ئێران و بەستنی تەنگەی هورموز تەنها لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا نەماوەتە بەڵکوو کاریگەری لەسەر سەرجەم وولاتانی دنیا داناوە هەڵاوسانی ئابووری و گرانی و بێکاری زیاتر و کەمبوونەوەی کرێی راستی (فیعلی) کرێکاران لە دەرهاویشتە راستەوخۆکانی ئەو شەرەن. بەپێی راپورتێکی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە لە ١٨ی ئایاردا بڵاو کرایەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئاکامەکانی شەری رۆژهەڵاتی ناوەراست لەسەر باری ئابووری و لەسەر بازاری کار لە ئاکامەکانی سەردەمی پەتای کرۆنا زیاتر دەبێت و هەموو وولاتانی دنیای گرتۆتەوە. بەرزبوونەوەی نرخی ووزەو سوتەمەنی و گواستنەوە وە فشار لەسەر رێوشوێنی هاوردەکردن و پاشەکشەی کەرتی گەشتو گوزار وە بێکاری و کەمبوونەوەی کرێی کار لە ئاکامە راستەوخۆکانی ئەو شەرەن.

**بەشداری لە نارەزایەتی دژی راسیزم و توندەرەوەکان لە بەریتانیا!**

رۆژی ١٦/٥/٢٠٢٦ لەسەر بانگەوازی تۆری سەندیکا کرێکاریەکان دژی راسیزم و رەوتە راسترەوەکان، بەبەشداری رێکخراوە کۆمۆنیستی و فێمینیستەکان و هەورەها بەشداری رێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان




خۆپیشاندانێکی جەماوەری ئەنجامدرا.

ئەم خۆپیشاندانە بە دروشمەکانی دژی راسترەوی و راسیزم پەیامی ئیساندۆستی خەڵکی بەریتانیای دووپات کردوە. لەکاتێکدا هێزو رەوتە بۆرژواییەکان بۆ گواستنەوەی سەرنجی خەڵکی بێبەشی بەریتانیا لەسەر قەیرانەکان و کەمبونەوەی خزمەتگوزاریەکان و فشارەکانی چینی بۆرژوازی و حکومەتی بۆرژوایی کرێکاران، هەوڵ دەدەن هۆکاری ئەو کیشانە بەسەر شانی پەنابەراندا بشکێننەوە کە لە برسێتی و هەژزاری و جەنگ و سەرکوت هەڵاتوون، خۆپیشاندەران بە دروشمی بەخێربێن پەنابەران، رایانگەیاند کە ئامادەن بەرگری لە بەها ئینسانیەکانی کۆمەڵگاکەیان بکەن.

**سەبارەت بە کەیسی شێروان شیروانی، پەیامێک ئاراستەی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا**

رۆژی، ١٢ی ئایاری ٢٠٢٦، لە دانیشتێکدا بە بەشداری " سەوسەن سەلیم، سەعید ئارمان و دەشتی جەمال" لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لەندەن، پارتی و حکومەتی هەرێمان ئاگادارکردەوە کە بەرپرسیارن لە ژیان و سەلامەتی رۆژنامەنوسی زیندانی شێروان شیروانی، کە نزیکەی ٢٠ رۆژە مانگرتن لە خواردن دەکات و ژیانی لە مەترسیدایە.

زیندانیکردنی شێروان شیروانی بە تۆمەتە سیاسی و بێبنەمای یاسایی ئەنجام دراوە و مافە بنچینەییەکانی، لەوانە مافی چارەسەری پزیشکی و پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە، لێزەوت کراوە.

⇦

لەو دانیشتنەدا داوا کرا دەستبەجێ شێروان شێروانی ئازاد بکرێت، یان ئەگەر داوایەکی یاسایی لەسەری هەیە، کەیسەکەی بەشێوەیەکی شەفاف و لەژێر چاودێری لایەنە بێلایەنەکان و بە ئامادەبوونی ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ بەڕێوەببرێت.

## بەشداری لە خۆپیشاندانی نارەزایەتی دژی حکومەتی جولانی لە هێرش بۆسەر ژنان لە سوریا!

ڕۆژی ١٧/٥/٢٠٢٦کۆمەڵەی کەناراوەکانی سوریا لە بەریتانیا خۆپیشاندانی نارەزایەتی بۆ ئیدانەکردنی سیاسەتی دژی ژن و کۆنەپەرستی حکومەتی جولانی لە سوریاو کوشتن و ڕفاندن و پێشێلکاری بەدژی سەرجەم ژنانی سوریاو بەتایبەت ژنانی عەلەوی، لەبەردەم ماڵی سەرۆک وەزیران لە لەندەن ڕێکخست، کە پێشتر بانگەوازی بۆ کردبوو، وەبانگێشتی هاوڕێیانی ڕێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییان کردبوو.

ئەم خۆپیشاندانە کە ماوەی نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند، بە بەرزکردنەوەی وێنەی دەیان ژنی رفێنراو و تیرۆرکراو بێسەروشوێن لەسوریا و دروشمی بەرگری لەژنان و دژی حکومەتی سوریا، بەرزکرابۆوە.

هاوڕێیانی ڕێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەشداریان کردو هەروەها دەشتی جەمال لەگەڵ میدیاکان چاوپێکەوتنی بە ئینگیزی کرد، وە وتەیەکی بەزمانی عەرەبی خوێندەوە.

## دەقی وتەی دەشتی جەمال بە زمانی عەرەبی لە خۆپیشاندانی نارەزایەتی دژی حکومەتی جولانی لە هێرش بۆسەر ژنان:

من ناوم دەشتی جەمال بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانم.

ئێمە ئەمرۆ لێرە لە لەندەن وەستاوین چونکە بێدەنگی ئیتر بژاردە نییە.

کاتێک نادادپەروەری بە ناوی دەوڵەتەوە دەکرێت، وە کاتێک دیپلۆماسی وەک پەردەیەک بۆ ستەم و ترس بەکاردەهێنرێت، دەبێتە ئەرکی ئێمە کە قسە بکەین.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ڕاپۆرت و شایەتحاڵی زۆر لە سوریا سەبارەت بە پێشێلکاریی گەورە، بەرامبەر بە خەڵکی مەدەنی لە ناوچە جیاوازەکانی سوریادا پەرەی سەندووە، لەدژی: عەلەوی، دروز، کوردەوە تا دەگاتە مەسیحییەکان و چالاکانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان و ژنان.

بەڵام ئەمرۆ دەمانەوێت بە تایبەتی تیشک بخەینە سەر ئازارەکانی ژنانی سوریا. ژنانی سوریا تووشی ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و توندوتیژی ڕەگەزی و زەوتکردن و ترسی بەردەوام بوون.



ئەو ژنانەی کە سەلامەتی خۆیان و توانای قسەکردنیان لەدەستداوە، چونکە پاراستنی یاسایی نییە و بێ سزایی بەردەوامە. بەگوێرەی شایەتحاڵی و ڕاپۆرتە سەربەخۆکانی مافی مرۆڤ، ئەمرۆ زۆرێک لە قوربانییەکان لەژێر فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی بێئەندازەدا دەژین، لەنێو بێدەنگییەکی پڕ لە ئازاری نێودەوڵەتی و بێتوانایی ڕاستەقینە بۆ دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری.

ئەمە مەسەلەی مەزهەب و نەتەوە و ئایین نییە، ئەمە بابەتی کەرامەتی مرۆڤە. کاتێک ژن دەکرێتە ئامانج، داهاتووی هەموو کۆمەڵگا دەکرێتە ئامانج.

کاتێک ئازادییە سیاسییەکان سەرکوت دەکرێن، هێرش دەکرێتە سەر مافە مەدەنییەکان و فۆرمەکانی توندڕەوی و دوورخستنەوە دەسەپێنرێن، سوریا زیاتر و زیاتر بەرەو ترس و دووبەرەکی و ستەمکاری پاڵدەنرێت.

ئێمە ئەمرۆ لێرەین بۆ ئەوەی بە ڕوونی بڵێین: سوریا شایەنی ئایندەیەکی ئازاد و دیموکراسی و عەلمانییە کە بەبێ جیاوازی ڕێز لە هەموو پێکهاتەکانی بگیرێت. ئایندەیەک کە بە ئیرادەی خودی خەڵکی سوریا بنیات دەنرێت نەک بە ستەم و چەک و دەستێوەردانی دەرەکی.

لێرەوە دەنگمان بەرز دەکەینەوە وەک هاوسۆزی لەگەڵ هەموو ژنێکی سوری کە دەترسێت، لەگەڵ هەموو دەستبەسەرکراوێک، لەگەڵ هەموو خێزانێک کە منداڵەکانی لەدەستداوە، لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە هێشتا باوەڕیان وایە ئازادی مومکینە.

بۆ ژنانی سوریا دەڵێین: ئێمە دەتانبینین، دەنگی ئێوە دەبیستین، ئێوە بە تەنیا نامێننەوە.

وە بۆ دونیا دەڵێین: بێدەنگی بێلایەنی نییە، بێدەنگی هاوبەشییە لە بەردەوامکردنی نادادپەروەرید

## پەیوەندی لەگەڵ لایەن و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمۆنیستیەکان

### نامەی ڕێکخستنی حزب بۆ کۆنگرەی حزبی کۆمۆنیستی شۆرشگێری لە کەنەدا

ڕۆژی ٢٢ی ئایار، کۆمیتەی کەنەدای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەبۆنەی کۆنگرەی حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی کەنەدا، نامەیەکی پیرۆزباییان بۆ ناردون، کە لە نامەکەدا دەڵێن:هاوڕێیانی ئازیز، بەبۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی پارتەکەتەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەین. ئێمە دڵنیاین کە ئەم کۆنگرەیە هەنگاوێکی گرنگە لە خەباتتان لە دژی ئەو هەلومەرجە تاریک و سەختەی کە لەلایەن حکومەت و داڕێژەرانی سیاسەتەوە بەسەر چینی کرێکار لە کەنەدا سەپێنراوە. ئێمە هاوسۆزی هەوڵەکانتان و تێکۆشانتان بۆ ژیانێکی باشتر بۆ چینی کرێکار و خەڵکی فراوانتر وەستاوین. لە درێژەی نامەکەدا ئیشارەیان داوە: وەک چۆن هاوڕێیانی ڕێکخراوەکانمان لە سوید و فینلاند بەشدارییان لە کۆنگرەکانی ئەم دواییەتاندا کردووە، ئێمەش پێمانخۆشە لێرەش هاوکاری هاوشێوە بەهێزتر بکەین. ئێمە پێمانوایە جیهان پێویستی بە کردەوەی کۆمۆنیستی هەیە کە ئاراستەی شۆڕش و هەڵوەشاندنەوەی کاری مووچەخۆری و هەموو ئەو نەهامەتیانەی لێیەوە سەرچاوە دەگرن.

### بەشداری لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی فینلەندا

ڕۆژی ١٧/٥/٢٠٢٦ وەفدێکی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کۆمیتەی فیلەند، بەشداریان کرد لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی فینلەند، کە پێکهاتبوون لە هەر یەک لە ئیبراهیم حسێن و سروە فەریق.

هاوڕێ ئیبراهیم حسێن وێڕای ڕاگەیاندنی خۆشحاڵی و هیوا خواستن بۆ سەرکەوتنی کۆنفرانس، لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە هەلومەرجی ئێستای سەرمایەداری و بانگەشەکانی پاشەکشەو کەوتنی کۆمۆنیزم و ئەو قەیران و بنبەستەی سەرمایەداری بەسەر ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆی داهێناوە کرد و لەسەر پێویستی ئەو کۆمۆنیزمە کرێکاری و کۆمەڵایەتیە ڕاوەستا کە مرۆڤایەتی بۆ ڕزگاری لە کۆیلایەتی کاری کرێگرتە پێویستی پێیەتی؛ و لەسەر ئەوەی کە ڕێگای واقعی ئەم کارە دروستکردنی ڕیزێکی سیاسی و حیزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریە کە بتوانن لە ئاستی گەورەیی کۆمەڵایەتی لەسەر چارەنوسی کۆمەڵگە و دەسەڵات بجەنگن و بژاردەیەکی واقیعی و ئاڵایەکی سیاسی بەردەست بن.
لە کۆتاییدا ڕایگەیاند کە کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبەکانی لە هیچ هەوڵ و تەقەلایەک بۆ دروست کردنی ئەم ڕیزە سیاسیە کۆمۆنیستی و کرێکاری درێغی ناکەن.
دواتر بە خواستنی هیوای دووبارەی سەرکەوتن بۆ کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان و کۆنفرانسەکەیان لە ناو پێشوازی و چەپڵەی بەشداربوانی کۆنفرانسدا کۆتایی بە وتەکانی هێنا.

**دەقی کوردی وتەی ئیبراهیم حسین:**
پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ
هاوڕێیان!




لەلایەن کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی دەرەوە و ڕێکخستنی فینلاندی حیزب و هاوڕێیانمەوە، پیرۆزبایی کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ دەکەم. زۆردڵخۆشین کە لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسی ئەم کۆڕە کۆمۆنیستە پڕ جۆش و خرۆشەدا بەشدارین.
هاوڕێیان! جیهانی ئێمە لە هەر کاتێکی تر زیاتر پێویستی بە کۆمۆنیزم و بە حیزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان و بە دەخالەتگەریی کۆمۆنیستی لە ئاستێکی بەریندا هەیە. کۆمۆنیزمێک کە ڕەخنە و نارەزایەتییەکەی لە کۆیلایەتیی کاری کرێگرتەیە و ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕبوونی لە ڕەخنەگرتن لەم کۆیلایەتیی کاری کرێگرتەیەوە سەرچاوە دەگرێت؛ لەوەوە دێت کە بزووتنەوەی چینێکە دەیەوێت هێرش بکاتە سەر ئەمە و لەناوی ببات. کۆمۆنیزمێک کە ئامانجەکەی ڕزگاریی مرۆڤە نەک شتێکی تر؛ نەک بونیادنانی ئابووری و وڵات و پیشەسازیی خۆی، نەک ڕزگاریی نەتەوەیی و دژە-ئیستیعمارگەری یان دیموکراسیخوازیی زیاتر، بەڵکوو کۆمۆنیزمێک کە خودی ڕزگاریی مرۆڤ و مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ لە کۆیلایەتیی کاری کرێگرتە لە ئەجێندای کاریدایە.
هاوڕێیان! تا ماوەیەک پێش ئێستا دەیانگوت ژیان هەر ئەمەیە، ئارمانی مرۆڤ بۆ ڕزگاری کۆتایی پێهاتووە، بازاڕ و دیموکراسی سەرکەوتووە و چیتر توانای مرۆڤ هەر ئەوەندەیە. نەک تەنیا ئەمە، بەڵکوو دەیانگوت ئەمە تاقە شێوازی گونجاو و ئایدیالی ژیانی مرۆڤە. دژی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازیی کرێکاری کەلەڕەقییان دەکرد. ئەم سەرمایەدارییەی (کاپیتالیزمی) ئەمڕۆ، ژیانی مرۆڤی بەرەو بنبەستێکی گشتگیر بردووە و ژیانی گۆڕیوە بۆ چەواشە ڕێ و وێرانەیەکی گەورە. جیهانیان لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا کێشاوەتە ناو جەنگەوە، لەپێناو بەدەستهێنانی پشکی زیاتر لە قازانج و ئەو سەروو-قازانجەی کە بەرهەمی

کار و داهێنانی مرۆڤایەتییە. دەیانەوێت هەمان ئەم کۆیلایەتییە کاری کرێگرتەیە لەسەر بنەمای کاری هەرزان لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا بنیات بنێنەوە. دەرکەوت کە نەک خۆشگوزەرانی لە ئارادا نییە، بەڵکوو مەدەنییەتی زیاتر و تەنانەت ئاشتی و ئاسایشی زیاتریش لە کارنامەیاندا نییە. قوربانییەکان تەنیا ئەوانە نین کە بۆمب یان موشەکێکیان بەردەکەوێت و لەم دنیایە دەڕۆن، سەیری ئامارە ترسناکەکانی ئەو مرۆڤانە بکەن کە بێکار و نەخۆش و خەمۆک دەبن. سەیری دارمانی ژیانی مرۆڤ بۆ ژێر هێڵی هەژاری بکەن.

جەنگی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مرۆڤایەتیی خستووەتە باروودۆخێکی ترسناکەوە، جەنگێکی کۆنەپەرستانەیە. بەهۆی هەموو ئەو کۆنەپەرستییەی کە لە ئاستی جیهانیدا دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت و بەهۆی ئەو گورزەی کە لە بزووتنەوەی خوازیاری ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامی و خوازیارانی ئازادی و یەکسانی لە ئێران دەیدات، دەبێت شەرمەزار و مەحکووم بکرێت؛ ئەمەش ئەرکی چینی کرێکار و سۆسیالیزمی کرێکاری و مرۆڤایەتیی شارستانییە.

کۆمۆنیزم ئەگەر ئەم بزووتنەوە کرێکارییەیە بۆ ڕزگاریی مرۆڤ، نابێت شێوازی کارەکەی سێکتاریستی بێت، نابێت بزووتنەوەیەکی پەراوێزیی دوو سێ کەسی بێت کە تەنیا بۆ خۆیان جیهان ڕاڤە و تەفسیر بکەن. ئەگەر بزووتنەوەیەک بۆ ڕزگارییەکی ڕادیکاڵە، دەبێت پەیوەندی بە کۆمەڵگە و مرۆڤی سەردەمی خۆیەوە هەبێت و دەست بۆ ئەو میکانیزمانەی خەباتی سیاسی و گۆڕانکاری ببات کە مرۆڤایەتی تا ئێستا دەستەبەری کردوون. ناکرێت لە کاتێکدا بزووتنەوەی چینەکانی تر لە ئاستێکی مەزندا مێشک و ژیانی مرۆڤ و تەنانەت هەڵبژاردنی سیاسی مرۆڤەکان بەو میکانیزمانە دادەڕێژن، ئەو بزووتنەوەیەی کە بڕیارە بزووتنەوەی ڕزگاریی ڕاستەقینەی مرۆڤ بێت، بە کەمترین تواناوە بچێتە ناو دنیاوە.

هەنگاوی هەر سەرکەوتنێک، پێکهێنانی ڕیزێکی کۆمۆنیستی و کرێکارییە، پێکهێنانی کۆمۆنیزمێکی کۆمەڵایەتییە کە بتوانێت وەڵامی کرێکار بباتە ناو جەرگەی ململانێی سیاسی لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی و بیگۆڕێت بۆ بژاردەیەکی سیاسی بەرجەستە و ڕاستەقینە لەو ململانێیەدا. بە مانایەک، گۆڕان بۆ حیزبێکی سیاسی و بۆ ئالایەکی سیاسی، کلیلی کێشەکەیە.

هیوادارم کۆنفرانسەکەتان هەنگاوێک بێت لەو ئاراستەیەدا. ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کۆمۆنیستییە لە هیچ یارمەتییەک دریغی ناکەین.

سەرکەوتو بێت کۆنفرانسی حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێر

بژی یەکێتی و هاوپشتیی جیهانیی کرێکاری و سۆسیالیستی!

★

# سەردانی ترامپ بۆ پەکین!

عوسمانی حاجی مارف

سەردانەکەی ترامپ بۆ پەکین، زیاتر تیشکی خستە سەر بەرژەوەندی و سودێکی ئاشکرا بۆ چین، هەردوو وڵات چین و ئەمریکا، گەڕاونەتەوە بۆ دۆخی ڕووبەڕووبونەوەی بازرگانی و ئابوری و ستراتیژی نێوان خۆیان، بە دوای لوتکەی شەڕی بازرگانی ساڵی ڕابردویان.

دوو ڕۆژ لە وتووێژی ترامپ و شی جین پینگ، دووپاتیان کردەوە کە تەنانەت دوای ئەو باجانەی کە ترامپ دایسەپاندووە، واشنتۆن و پەکین هێشتا لەو ململانێیەدا گیرۆدە بون کە ئاگربەستی بازرگانی لە ساڵی ڕابردوودا گەیشتۆتە کۆتایی.

ئەم سەردانە، گرنگیەکی بەرچاوی بۆ بازاڕەکانی وزە و ئابووری جیهانی دروستکرد، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی گرژیەکانی دەوروبەری گەرووی هورمز و بازرگانی نێودەوڵەتی، بازاڕەکان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی هەر ڕێکەوتنێکن کە ڕەنگە نیگەرانیەکان کەم بکاتەوە و نرخی نەوتی جیهانی دابەزێنێت.

گرنگی سەردانەکە، نەک تەنها لە کۆبونەوەی نێوان سەرۆکایەتی ئەمریکا و چیندا نیە، بەڵکو لە پەیامە ئابوری و بازرگانیە فراوانەکانیشیدا دەردەکەوێت.

پێشتر ترامپ لە سەردانەکەیدا بۆ سعودیە شاندێکی گەورەی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیا گەورەکانی جیهانی هێنابوو، ئەمەی ئێستاش نەخشێکە لەگەڵ چین دووبارە دەبێتەوە، ڕەنگدانەوەی بونی ئامانجی ئابوری و بازرگانیە، کە لە پرسە سیاسیە تەقلیدیەکان یان شەڕی بازرگانی تێدەپەڕێنن. ڕێگاکانی وزە، بازرگانی دەریایی، بابەتی دیار دەبن لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا، بەتایبەتی لەژێر ڕۆشنایی نیگەرانیەکاندا، سەبارەت بە گەرووی هورمز و ئەگەری پەککەوتنی پێداویستیە جیهانیەکان، هەروەها پرسی دەستپێکردنەوەی هاوردەکردنی نەوت و غازی ئەمریکا لەلایەن چینەوە.

گرنگی لوتکەی ئەمریکا و چین و بەرژەوەندیە جیهانیەکانی دەوروبەری، نەک تەنها لە کۆبونەوەی نێوان هەردوو سەرۆکی چین و ئەمریکاوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵکو لە سروشتی ئەو کەسایەتیە ئابوریانەی کە یاوەری ترامپن، کە سەرۆکی کۆمپانیا گەورەکان لەخۆدەگرێت، هەوڵدەدەن لێکتێگەیشتن و ڕێکەوتنی نوێ لەگەڵ لایەنی چینی ئەنجامبدەن. سەردانەکە ڕەهەندی ئابووری قووڵ لەخۆدەگرێت، کە پەیوەندی بە وزە و وەبەرهێنان و بازرگانی نێودەوڵەتیەوە هەیە، تەنیا باسێک نیە لەسەر ناکۆکیە سیاسیەکان یان گومرگی نێوان هەردوو وڵات.

پرسی هاوردەکردنی غازی سروشتی شل لەلایەن چین و ⟵

نەوتی ئەمریکا لە دیارترین بابەتەکان بووە کە باسیان لێوەکراوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی پەکین لەماوەی ڕابردوودا بەهۆی گرژیە بازرگانی و سیاسیەکانی نێوان هەردوولا کڕینی نەوتی ئەمریکای ڕاگرت. گەڕانەوەی چین بۆ هاوردەکردنی نەوت و غازی ئەمریکی، هێندە خواستێکی نوێ نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ئاستەکانی پێشوو، لەکاتێکدا ترامپ پێویستی بە دەستەبەرکردنی دەستکەوتی زیادە هەیە بۆئەوەی لە ماوەی داهاتوودا بیخاتە بەردەم ڕای گشتی و بازاڕەکانی ئەمریکا، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕۆیشتنی وزە و نرخی نەوتی جیهانی دەبێت.

سەردانەکە چۆن نرخی نەوت دادەبەزێنێت؟، بەوشێوەیە دەبێت کە ترامپ دەتوانێت ڕاستەوخۆ نرخی نەوت دابەزێنێت ئەگەر سەرکەوتو بێت لە قەناعەتپێکردنی چین، کە هیچ هەڕەشەیەک بۆ داخستنی گەرووی مالاکا یان درێژکردنەوەی قەیرانی گەرووی هورمز نیە.

قەیرانی ئێستا تەنیا پەیوەندی بە قەبارەی دابینکردنی نەوتەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بەو دڵەڕاوکێ و ترسە باوەی لەناو بازاڕەکانەوە هەیە، نیگەرایە جیۆپۆلەتیکیەکان، وڵاتان پاڵدەنێت بۆ کۆکردنەوەی یەدەگەکان لەبری ئەوەی ئازادیان بکەن بۆ بازاڕی جیهانی. دوای دواخستنی سەردانەکەی ترامپ بۆ چەند هەفتەیەک، بەو هیوایەی بەڵگەنامەیەکی تەسلیمبونی ئێران لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت کە بتوانێت دانوستان لەسەر ئیمتیازاتی گەورە لەگەڵ شی جین پینگ بکا،.بەڵام ئەمە ڕووی نەداو ناچاریش بوو بڕوات. سەردانەکەی ترامپ پێویست بوو، بەڵام جگە لە دیاری و یادگاری هیچی تری لەگەڵ خۆیدا نەهێنایەوە، لە هەمانکاتدا چینیەکان پێداگرن لەسەر دەربڕینی شێوازی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ململانێکان، لەباری عەمەلیەوە، هیچ ئەنجامێکی ڕاستەقینە و سوودبەخش نەبوو بۆ ئەمریکا.

لەڕاستیدا بۆ ئەمریکا سەردانەکەی ترامب ئەو مانایەی لێدەکەوێتەوە کە جددیترین پرسە حەساسەکان چارەسەر نەکراون، بەتایبەتی ئەو پرسانەی کە واشنتۆن بە سیاسەتی پارێزگاریخوازانە و قۆرخکاریەکانی پەکین وەسفی دەکات، بەتایبەتی پێگەو دەور و دەخالەتی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئەو دەخالەتە تائێستا بە ترامپ و ئەمریکا سنوردار ناکرێت.

یەکەم سەردانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ چین، لە ماوەی نزیکەی دە ساڵدا، کە بازرگانی، تەکنەلۆژیا و کۆمەڵێک پرسی تری گرتەوە، لەوانە گفتوگۆی ڕاشکاوانە لەسەر بابەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک پشتیوانی پەکین بۆ ئێران و کاریگەریە جیهانیە فراوانەکانی قەیرانی گەرووی هورمز.

لە کاتی جەنگدا پەکین لە دوو ڕێگەی سەرەکیەوە پشتیوانی خۆی بۆ تاران نیشانداوە، بە بەردەوامی لە کڕینی نەوتی ئێران و پێشکەشکردنی شێوەی جۆراوجۆری هاوکاری شاراوە بۆ هەوڵە سەربازیەکانی کۆماری ئیسلامی، هەروەها دابینکردنی پێکهاتەی دوو بەکارهێنان بۆ بەرنامەکانی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ تاران، پەکین پانتایی ئاسمانی بە درێژایی شەڕەکە بۆ ئێران دابینکردوە، ئەمەش وایکردووە هێزەکانی ئێران بتوانن زانیاری هەواڵگری خۆیان لەسەر ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل باشتر بکەن. لەبەرامبەردا واشنتۆن هەنگاوی ناوە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم پاڵپشتیانەی پەکین، بە ڕێگری لە کەشتیەکانی هەڵگری نەوتی ئێران، تا سەپاندنی سزا بەسەر کۆمپانیەکاندا.

هەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە کەترامپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی لە دۆخێکی بنبەستدا دەبینێتەوە، کاتێ داوای هاوکاری لە سەرۆکی چین دەکات، چونکە چین زۆرترین کاریگەری لەسەر ئێران هەیە و بەرپرسانی ئەمریکا چەندین جار داوایان لە چین کردووە، ئەو کاریگەریانەی لەسەر ئێران هەیەتی بەکاربهێنێت لە کاتی ململانێی ئێستایاندا. بەڵام تا ئێستا پەکین وریا بووە لەو مامەڵەیەدا و پەرچەکردارێکی مەترسیداری بەرامبەر ئێران بە کار نەهێناوە، بەپێی زانیاریەکان، دیارترین دەستێوەردانی پەکین بریتی بووە لە فشارخستنە سەر تاران بۆ قبوڵکردنی مەرجەکانی ئاگربەستی مانگی نیسان، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سەرکردەکانی چین چاویان لەوەیە لە بەرامبەردا ئیمتیازاتێک لە ئەمریکا ڕابکێشن بەلای خۆیاندا.

سەردانی ترامب بۆ پەکین، لە دوای ڕاگەیاندنی توندترین سزاکانی واشنتۆن دێت لە دژی پەکین لەسەر ئێران، کە یەکێک لە گەورەترین پاڵاوگەکانی نەوتی چین و ٤٠ کۆمپانیای کەشتیوانی پەیوەست بەوەوە کردە ئامانج، بەڵام ئەم سزایانە باس لەو ڕاستیە دەکەن کە پەکین هێشتا کاریگەریەکی بەرچاوی بەسەر تاراندا هەیە وەک گەورەترین هاوردەکاری نەوتی ئێران، کە هیچ گەرەنتیەک نیە ئەم فشارە ئابووریەی ئەمریکا لەسەر چین، ببێتە فشار لەسەر ئێران.! هەروەها ترامپ نەیتوانی پابەندبونی گشتی لەلایەن چینەوە دەستەبەر بکات بۆ یارمەتیدانی ئەمریکا بە یەکلایی بونەوەی شەڕ لە بەرامبەر ئێراندا. بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئەم سەردانە بەجۆرێک مانای سەقامگیری نیشانداوە و تاڕادەیەک دۆخی ئێستای ڕاگرتووە.

بە سەرنجدان بە نەبونی دەرئەنجامە ئەرێنیەکانی شەڕ لەگەڵ ئێران، دەکرا هەر دواخستنێک یان هەڵوەشاندنەوەی زیاتری سەردانەکە، وەک نیشانەی لاوازی ئەمریکا هەست پێبکرێت. لەهەمانکاتدا هیچ کام لە پرسە ئاڵۆزەکان لەم کۆبونەوانەدا چارەسەر نەکران، یان لانیکەم ئەو پرسانە بە بنەڕەتی نەزانران. چینیەکان هیچیان پێشکەش بە ترامپ نەکرد، پەکین هیچ ئەنجامێکی بەرجەستەی بۆ ترامپ نەدا بەدەستەوە کە بتوانێت کارنامەکەی بەهێزتر بکات یان ئەمریکا لە تاڵاوەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا دەربهێنێت.!

ئەوەی شایانی باسە، ئەم سەردانەی ترامب بۆ پەکین

هیچ لایەنێکی نەرێنی بۆ مۆسکۆ نیشان نەداوە، چونکە رووسیا و چین و ئێران ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە کە بریتیە لە کەمکردنەوەی رۆڵی جیهانی ئەمریکا و زیاتر بنبەستکردنی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، لە هەمانکاتدا بۆ روسیا ئەوە رۆشنە کە سەردانەکەی ترامپ بۆ پەکین، ئاکامی ئەو قەیرانەیە کە ئەمریکا، لە شەری ئێران و گەروی هورمزدا دەرگیری بووە. وا دیارە ترامپیش، مەیلی دواخستنی کێشەکانی لەگەڵ چین هەیە، بەو هیوایەی خۆیان چارەسەری بکەن، یان بگوازرێنەوە بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا.

لە بنەڕەتدا چین، رۆژئاوا لە دارمانی دەستبەجێی ئابووری رزگار دەکات و لە بەرامبەردا دەرفەتێک بۆ گەشەکردن و فراوانبوونی ئابووری بەدەست دەهێنێت، وەک رکابەرێک لەبەرامبەر ئەمریکا و زلهێزەکانی تری جیهاندا، بە هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین بالادەستی بەسەر بازاری جیهاندا.

سەرەرای هەر راگەیاندنێکی گەشبینانە و ئاهەنگێرانە کە بە پرۆتۆکۆڵەوە بەرێوەدەچن و چاوەروانی ترامپە لە پەکین، بەڵام ئاشکرایە لە ململانێی زلهێزەکاندا ئەم پەیوەندیە بە دوور دەبێت لە بەرهەمهێنانی یەکلایکردنەوەیەکی گشتگیر. ململانێی ئێران هێشتا چارە نەکراوە، گرژیەکان لەسەر تایوان بەرەو هەڵکشان دەچن، شەری بازرگانی زۆر دوورە لە کۆتایی، وزە و کانزاکانی زەوی دەگمەن، لە شەری دووبارە دارشتنەوەی هاوسەنگی هێز، لە سەدەی بیست و یەکدا دەبنە چەکی جیۆپۆلەتیکی.

رۆشنە کە ترامپ بە پێگەیەکی بەهێزەوە ماڵئاوایی لە چین نەکرد، لەئاکامدا ئەوە رۆشنە کە پێناچێ ترامپ بە پێگەیەکی بەهێزترەوە بۆ جارێکی تر بگەرێتەوە چین، ئەمەش نیشانیدەداین پێگەی ترامپ لە بەرامبەر شی جینپینگ لاوازەو لاوازتر دەبێت!

★

# دەبێ دەستبەجێ شێروان شێروانی ئازاد بکرێت!



نزیکەی ٢٠ رۆژە رۆژنامەنوسی زیندانی شێروان شێروانی لە زیندانی هەولێر، مانی لە خواردن گرتووە. ناوبراو بە تۆمەتی ”سیخوری بۆ پەکەکە و وێنەگرتنی شوێنی هەستیار“، لەلایەن دەزگای ئاسایشی پارتیەوە ماوەی چەند ساڵە زیندانیکراوە. بەپێی راگەیاندنەکانی ناوبراو و کەسوکارەکەی و پارێزەکانی، ئەو تۆمەتانەی ئاسایشی پارتی داویەتە پالی، هیچ بنەمایەکی واقعی و یاسایی نییە، بەڵکو بەهۆکاری سیاسی زیندانیکراوە.

سەرەرای داواکاری رۆژنامەنوسان و زۆریک لایەنی سیاسی و رێکخراوە ناوخۆیی و جیهانیەکانی مافی مرۆڤ بۆ ئازادکردنی یاخود ئەنجامدانی دادگاییەکی شەفاف و بێلایەن، دادگای هەولێری ژێر دەسەلات و کۆنترۆلی پارتی، درێژەی داوە بە زیندانیکردنی. لەم ماوانەی دواییشدا مۆبایل و هۆکاری پەیوەندیگرتن بە دنیای دەرەوەیان لێزەوت کردووە و تەنانەت لە چارەسەری پزیشکی بێبەشیان کردووە. شێروان شێروانی بەرامبەر بەم زوڵمەی بەرامبەری دەکرێ، دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردن و ئێستا ژیانی لەبەردەم مەترسیدایە.


ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هوشداری دەدەین بە پارتی کە سەلامەتی ژیانی شێروان شێروانی لە ئەستۆی ئەوانە و هیچ بیانوویەکی وەکو ئەوەی کە ”کەیسەکە پەیوەندی بە دادگاوە هەیە و کەس دەستێوەردان ناکات لە بریارەکانی دادگا“ لەلایەن ئێمە و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە قبوڵ ناکرێ، چونکە هیچ کەس گومانی لەوە نییە کە سیستەمی دادوەری و دادگاکان لە کوردستان بەتەواوی لەژێر دەسەلات و کۆنترۆلی دوو حزبی دەسەلاتداری هەولێر و سلێمانیدان! هەروەها داواکارین کە دەستبەجێ ناوبراو ئازاد بکرێت و ئەگەر داوایەکی یاسایی لەسەری هەیە، بەشێوەیەکی شەفاف و لەژێر چاودێری دەزگای بێلایەنی ناوخۆیی و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی رێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ بەرێوەببرێت و هەموو مافێکی بەرگریکردن لەخۆی بۆ دابین بکرێت!

ئێمە تواناکانی خۆمان لە دەرەوەی وڵات بەگەردەخەین بۆ گەیاندنی ئەم پێشێلکاری و زەوتکردنی ئازادیە بە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لایەنە ئازادیخوازەکان.

**سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١١ی ئایاری ٢٠٢٦**

# ئەشکەنجەدانی دەستگیرکراوەکانی لالەزار سنوری دڕندەیی تێپەڕاندوە!

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەواڵی ئەشکەنجەدانی گیراوەکانی ڕوداوەکەی لالەزار بەوجۆرە دڕندانەیە، شێوازەکانی ئەشکەنجە و زیندانەکانی ڕژێمی بەعسی هێنایەوە یادی خەڵکی کوردستان. دەسەڵاتێک کە بانگەشەی مافی مرۆڤ و بوونی ئەوپەڕی ئازادی سیاسی و بیروڕا و ڕادەربڕین دەکات و شانازی بەوە دەکات کە لەگەڵ زۆنی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا ئاسمان و ڕێسمانی جیاوازە، بەم کردەوەیە بەڕوونی ناوەڕۆکی سەرکوتگەری و دڕندەیی خۆی نیشاندا.
ئەو تاوانەی بەرامبەر بە ژمارەیەک لەو دەستگیرکراوانە کراوە، تەنانەت ڕووی دەزگا سەرکوتگەریەکانی رژێمی بەعس و رژێمە سەرکوتگەرەکانی ناوچەکەی سپی کردۆتەوە! تاوانی ئەو کەسانە تەنها ئەوە بووە کە چەکدار و پاسەوانی کەسانێک بوون کە تا چەند ساڵ لەمەوبەر لە ترۆپکی دەسەڵاتی سیاسی و حزبیدا بوون لەگەڵ سەرانی ئێستای یەکێتیدا. ئەم شێوازە لە مامەڵەی دەزگاکانی ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی تەواوکەری هەمان ئەو پەروەردەیەیە کە لەکاتی ڕوداوەکەدا یەکێک لە چەکدارەکانی ئاسایش بە ئاشکرا دەڵێ با یەکێک لە دیلەکان بکوژم!
کردەوەی ئەشکەنجەدانی زیندانیکراوان و بەزۆر ناچارکردنیان بە دانی وتە بە قازانجی دەسەڵات، بەشێکە لە زنجیرە سیاسەتێکی سەرکوتگەر و دژە ئازادی کە یەکێتی ئەزمونی هەیە لەگەڵیدا. ئەمە هاوشانە لەگەڵ سیاسەتی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و ڕەشبگیری دوای نارەزایەتیە جەماوەریەکان و گەمارۆدانی شەقامەکان و ڕێگرتن لە نارەزایەتیەکانی خەڵک. دەسەڵاتێک کە ناو جەرگەی شاری سلێمانی میلیتاریزە بکات و درۆن و چەندین چەکی قورس بەکاربهێنێ، چەکدارەکانی بەبەرچاوی کامێراکانەوە بەعسئاسا لە دیلەکان بدەن، چاوەڕوانکراوە کە لە زیندانەدا و دوور لە چاوی کۆمەڵگە هەرجۆرە ئەشکەنجەدانێکی جەستەیی و دەرونی لە دژی دەستگیرکراوان بەکاربهێنێ.



بەڵام خەڵکی کوردستان و هەموو هێز و لایەنێکی ئازادیخواز و ئینساندۆست و بەرگریکار لە ماف و ئازادیەکانی خەڵک، دەبێ ئەم ڕوداوە بەهەند وەربگرن و لێی بێدەنگ نەبن. هەرجۆرە تەنگەبەرکردنەوەیەکی ئازادی و هەرجۆرە ڕێگریەک لە ئازادی سیاسی و هەرجۆرە ئەشکەنجەو زیندانیکردنێک لەسەر بیروباوەڕو هەڵسورانی سیاسی دەبێ پێشی پێبگیرێت. دەبێ دەستگیرکراوەکانی لالەزار هەموو مافێکی بەرگریکردن لە خۆیان پێبدرێ و هەموو جۆرە ئەشکەنجەدانێک وەکو تاوان هەژمار بکرێ. دەبێ بەرپرسانی ئەشکەنجەدان و شکاندنی کەسایەتی ئەو دەستگیرکراوانە ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی ببنەوە و بەرامبەر بەو تاوانەی دەرهەقیان کراوە قەرەبووی مەعنەوی و مادی بکرێنەوە.

**سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٠ ی ئایاری ٢٠٢٦**

**لە بەرنامەی دنیای باشتر( بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە)، دەربارەی مافی تۆمەتباران و تاوانباران:**

- **هەرجۆرە ئەشکەنجە و تۆقاندن و سووکایەتی و گوشاردانانێکی فیکری و دەروونی لەسەر کەسانی تەوقیفکراو و تۆمەتبارکراو و حوکمدراو بەهەموو جۆرێك قەدەغەیە. گرتنەبەری ئەم شێوازانە بە تاوانی جینایی دەژمێردرێن.**

* **وەرگرتنی دانپێدانان لەرێگەی هەڕەشە یان تەماح پێدانەوە قەدەغەیە.**

# لەبەرنامەی دنیای باشتر( بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری)ەوە

## خۆشگوزەرانی و بیمە کۆمەڵایەتیەکان

١/ دانی بیمەی بێکاری هاوتای لانی کەمی کرێی ڕەسمی بە هەموو کەسانی بێکاری سەرووی ١٦ساڵ.

٢/ دانی بیمەی خانەنشینیی دەوڵەتی، هاوتای لانی کەمی کرێی ڕەسمی، بە هەموو کەسانی سەروو تەمەنی ٥٥ ساڵی کە مووچەی خانەنشینیان نییە.

٣/ هەموو منداڵ و نەوجەوانێکی خوار تەمەنی ١٦ ساڵی، کە لە ڕێگەی خێزانەوە گوزەران و باشبژێوی بۆ دابین نابێت، بەخێوکردن و سەرپەرشتیکردنی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت.

٤/ چاودێریی پزیشکی و خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکی خۆڕایی و شیاو و نزیکەدەست بۆ هەمووان. چاودێریی تەندروستی ڕێکوپێک و دابینکردنی هەمووجۆرەکانی کوتانی منداڵان. زامنکردنی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان لە نیزامێکی خواردنی تێروتەسەل و شیاو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی داهاتی خێزان و ناوچە و شوێنی نیشتەجێبوون و..تاد. ڕیشەکێشکردنی ئەو نەخۆشیە درمی و تەشەنەکەرانەی کە لە پاکژنەبوونی ژینگەوە سەرچاوە دەگرن، چاودێریکردنی تەندروستیی هەموو هاووڵاتیان لەبەرامبەر نەخۆشیەکانی دڵ، شیرپەنجە باوەکان و ئەو نەخۆشیانەی کە زوو دەستنیشانکردنیان مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئاکامەکانیان. پەرەپێدان و باشکردنی جددی ئاستی تەندروستی گشتی، زانیاری پزیشکی و تەندروستی گشتی. پەرەپێدان و ڕێکخستنی ئیمکاناتە پزیشکی و دەرمانیەکان بەشێوەیەک کە دەستڕاگەیشتنی دەستبەجێ بە پزیشک و داوودەرمان بۆ هەموو دانیشتووانی وڵات ئاسان بێت.

٥/ خوێندنی گشتیی و ئیجباری و خۆڕایی تا تەمەنی ١٦ ساڵی. خوێندنی باڵا (زانکۆیی، پسپۆڕیی) خۆڕایی و نزیکەدەست بۆ هەموو خوازیاران. دانی دەرماڵەی تێروتەسەل بە خوێندکاران. ڕیشەکێشکردنی نەخوێندەواری و بردنەسەری هەمیشەیی پلەی خوێندەواری و زانیاری زانستی و تەکنیکی دانیشتووانی وڵات. فێربوون مافی هەموانە و دەستڕاگەیشتنی ئینسانەکان بە فێربوون و دەورە فێرکاریەکان نابێ بەهیچ جۆرێک ببەسترێتەوە بە ئاستی داهاتی خێزانەوە.

٦/ دابینکردن و زامنکردنی خانوبەرەی گونجاو، لەڕووی فراوانی و تەندروستی و سەلامەتیی و خزمەتگوزاریی شارییەوە (کارەبا، ئاوی سارد و گەرم، چێشتخانە، گەرماو و دەستشۆری ناو خانووەکە، دەزگای فێنککردنەوە و گەرمکردنەوە، هەلی دەستڕاگەیشتن بە تۆڕی تەلەفۆنی و تەلەفزیۆنی و ئینتەرنێت و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریە گشتیە لۆکاڵیەکان) بۆ هەمووان. کرێی خانوو نابێ لە ١٠%ی داهاتی تاک یان خێزان زیاتر بێت. ئەگەر کرێی خانوو لەو ڕێژەیە زیاتر بوو ئەوا دەبێ زیادەکەی لەڕێگەی کۆمەکی دەوڵەتەوە دابین بکرێت. بێخانەولانەیی وەیان ناچارکردنی ئینسانەکان بە ژیان لە سەرپەنای نەشیاوتر لە ستانداردە پەسەندکراوەکان، کارێکی نایاساییە و دەزگا دەوڵەتیەکان لەسەریانە دەستبەجێ سەرپەنای گونجاو بۆ هەموو هاووڵاتیان دابین بکەن.

٧/ پێکهێنانی دامەزراوە خزمەتگوزاریە تایبەتەکان لە گەڕەک و یەکەکانی نیشتەجێبووندا، وەکو دایەنگە، باخچەی ساوایان، چێشتخانە و مەڵبەندە گشتیەکانی خۆخزمەتکردن، جلشۆرگەی مۆدێرن و □ تاد، بەمەبەستی سووککردنی باری کاری ناوماڵ و ئاسانکردنی بەشداریکردنی هەموو خەڵک لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکاندا. فەراهەم کردنی ئاسانکاری وەرزشی و هونەری و کەلتووریی خۆڕایی (یاریگا، هۆڵو ستۆدیۆی نمایش و نواندن، کتێبخانە و..تاد) و تەرخانکردنی ڕاهێنەر و فێرکارانی پێویست لە ئاستی لۆکاڵیدا.

٨/ دابینکردنی ئاسانکاری پێویست بۆ بەشداریکردنی چالاکانەی ئینسانە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و کەمئەندامان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

٩/ دەستەبەرکردنی ئاسانکاری و تەجهیزاتە تایبەتەکان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شوێنە گشتیەکان، گوزەرگاکان، یەکەکانی نیشتەجێبوونو..تاد. و دابینکردن و لەئەستۆگرتنی خەرجی کەرەستەو ئامڕازە تەکنیکی و یارمەتیدەرە پێویستەکان بۆ ئاسانکردنی ژیانی ڕۆژانەی کەسانی کەمئەندام.

١٠/ دابینکردنی ئاسانکاری و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیە تایبەتەکانی بەساڵاچووان و باشکردنی شێوەی ژیانیان. دابینکردنی ئیمکانات و ئاسانکاریی پێویست بۆ زامنکردنی بەشداری چالاکانە و داهێنەرانەی بەساڵاچووان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەکی بەردەوام.

١١/ دابینکردنی تۆڕی پاس و میترۆی خۆڕایی بۆ هاتوچۆی ناو شارەکان.

١٢/ دابینکردنی هەموو خزمەتگوزاریە شاریەکان (کارەبا، ئاو، تەلەفۆن، ئینتەرنێت، مەڵبەندی فێرکردن و پزیشکی و کەلتووری و..شتی تر) لە هەموو ناوچە دێنشینەکاندا و نەهێشتنی جیاوازیی باشبژێویی لە نێوان شار و دێدا.